# باسێکی ئەوین و تاریکی

ئامووس ئوز
لە سوێدییەوە: حەکیم کاکەوەیس
(سوێد)

{ئەم نووسینە، کە لە سوێدییەوە وەرمگێڕاوە، دوو بەشی کتێبێکی ٥٧٣ لاپەڕەیی قەبارە گەورەیە بەناوی «باسێکی ئەوین و تاریکی» کە ساڵی ٢٠٠١ (ئامووس ئۆز Amos Oz»ی جوولەکە، وەک بیرەوەرییەکی ڕۆمان ئاسا، نووسیویەتی و نیکۆلاس دیلانگ لەعیبرییەوە کردوویەتییە ئینگلیزی و (ڕوس-ماری نیلسن)یش لە ئینگلیزییەوە کردوویەتییە سوێدی،. من هەقم بەسەر ئەوەوە نییە ئاخۆ ئیسرائیلی و عارەب کامیان غەدری لەوی دی کردووە، یان دەیکا. ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە، بزانین ئاخۆ جوولەکەکان لە دەمەدەمی دروستکردنی ئیسرائیلدا چۆن بیریان کردۆتەوە و چییان بۆ دروستکردنی ئیسرائیل کردووە.

ئەم دوو بەشەی کتێبەکە، هەر بۆ چێژی سەرلەبەری کتێبەکەیەو هیوادارم بتوانم هەمووی وەربگێڕم و دواییش، لایەنێک هەبێ ئەرکی لەچاپدانی بگرێتە ئەستۆ. لەگەڵ سوپاسی زۆرمدا بۆ گۆڤاری «ڕامان»ی ئازیز}

(١)

هەموو سەردەمی گەشەکردنم لە شوقەیەکی بچکۆلەی نزمی نهۆمی خوارەوە بەسەربرد. باوکم و دایکم، لەسەر قەنەفەیەکی قەرەوێڵەییدا دەخەوتن، کە نێزیکەی هەموو ژوورەکەی داگیردەکرد، شەوان یەکالآیان دەکردەوە و بەیانیانیش دەیانپێچاوە. چەرچەفەکان لە سنووقێکدا دەشاردرانەوە و دۆشەکەکەش پەردەیەکی خۆڵەمێشی کاڵی پێدا دەدرا و سەرینە ڕۆژهەڵاتییەکانیش لەگەڵیدا. بەو شێوەیە، شوێنەواری خەوی شەو بزر دەبوو و

ژوورەکەش دەبووەوە بە ژووری کار و کتێبخانە و شوێنی نانخواردن و دانیشتنیش.

کونجە سەوزەکەی منیش، بەرانبەر ئەو ژوورە بوو و سندووقی خواروخێچی جلوبەرگ نیوەی داگیرکردبوو. ڕێڕەوێک کە بەکونی هەڵاتنی بەندیخانە دەچوو، چێشتخانە و ئاودەستەکەی دەگەیاندەوە دوو ژوورە بچووکەکە. گڵۆپێکی کز کە لەپشت تۆڕێکی ئاسنینەوە بوو، کۆریدۆرەکەی ڕووناک دەکردەوە و بەرۆژیش دادەگیرسا. ژوورەکان، هەریەکە و پەنجەرەی خۆی ڕووەو دەرەوە هەبوو و هەردووکیان شیشبەند کرابوون و ڕوویان لە ڕۆژهەڵات بوو و ئەوەی لێیانەوە دەبیندرا قەڵەمتۆزێکی تۆزاوی و دیوارێکی بەردینی نزم بوو. پەنجەرەی چێشتخانە و ئاودەستەکەش، لە بەرزاییەوە دەیانڕوانییە حەوشەیەکی قیرکراوی بەندیخانەیەک کە بە دیواری بەرز دەورە درابوو. گوڵە (پیلاگۆن)ێک لە قوتوویەکی ژەنگنی زەیتووندا دەبیندرا کە لەبەر بێ هەتاوی، بەرەو سیسبوون دەچوو. لە پەنجەرەی ئەو کونجانەدا، هەمیشە خەیاری شۆرمان لە قوتوودا دەپاراست. لە ئاودەستەکەشدا قەڵەمتۆزێکی چاوقایم لە گۆزەیەکی درزبردوودا، کە ڕۆڵی گوڵدانی دەبینی، هەموو.

شوقەکە، لە ڕاستیدا ژێرزەمین بوو، چونکە یەکەم نهۆمی بیناکە لە پاڵ شاخێک هەڵکەندرابوو. شاخەکە، نێزیکترین دراوسێمان بوو، دراوسێیەکی کەڕ و کاس و بێ دەنگ، بەردێکی خەفەتخان کە ڕەوشتی هەرزەکاری هەبوو، سارد و هەمیشە زستانە، هەرگیز میوانی نەبوو و قەت لە گواستنەوەی کەرەسەی ماڵەکەیدا هیچی بەسەر زەوییەکەدا نەدەخشاند و قەت دەنگە دەنگی نەبوو و بێزاری نەدەکردین. بۆنی تەڕەشووعێکی سارد و تاریکییەکی بێ دەنگ، بەردەوام لەو دراوسێیەمانەوە بۆ دەهاتن. بەو شێوەیە، وەرزی هاوین لەچاو زستانەوە، بە پەلە بەلاماندا تێدەپەڕی.

میوانەکانمان، گەلێ جار دەیانگوت: ئێرە، ئەگەرچی جاروبارێ گەرمە، بەڵام زۆرخۆشیشە. ئەدی زستان چۆن بەسەر دەبەن؟ دیوارەکان تەڕەشووع نادەن؟ تەڕەشووع بێزارتان ناکا؟

کتێب ماڵەکەمانی پڕکردبۆوە. باوکم بە شازدە، یان حەڤدە زمان دەیخوێندەوە و بەیازدە زمان قسانی دەکرد (هەمووشی بە شێوازی ڕووسی). دایکم بە چوار، یان پێنج زمان قسەی دەکرد و بەحەوت، یان هەشت زمان دەیخوێندەوە. ئەگەر بیانویستبا تێیان نەگەم، یان بەڕووسی قسەیان دەکرد، یان پۆڵۆنی (ئەمەش زۆر شتی دەگرتەوە. ئەگەر دایکم باسی ئەسپێکی کردبا و من گوێم لێ بوایە، باوکم بە تووڕەیی، بەزمانی ڕووسی بەسەریدا دەیبۆڵاند: ئەوە تۆ چیتە؟ نابینی کوڕەکە لێرەیە؟) بۆ پاراستنی کەلەپوور، زۆربەی جار بە ئەڵمانی، یان ئینگلیزی کتێبیان دەخوێندەوە و پێم وابێ بە یددی (زمانی عیبری کە بناغەکەی ئەڵمانییە) بیریان دەکردەوە، بەڵام تاکە زمانێک کە فێریان دەکردم، عیبری بوو. ڕەنگە لەوە ترسابن کە توانای زمان منیش بەرەو دەنگەکانی ئەوروپا، ئەو کیشوەرە نایاب و خوێناوییە ڕاکێشێ.

بە بۆچوونی باوک و دایکم، هەر شتێک ڕۆژئاوایی بوایە، نرخی کولتووری زیاتری هەبوو. ئەگەرچی ڕۆحە ڕووسییەکانیان پێوەندییان بە تۆلستۆی و دۆستۆیڤسکییەوە هەبوو، گومانی ئەوەم هەبوو لەگەڵ ئەوەشدا ئەڵمان هیتلەریشیان هەبوو، پێیان وا بوو کولتووری ئەڵمان لەهی ڕووس و پۆڵۆنی بەرزترە با لەگەڵ کولتووری فەرەنسادا بەراوردیش نەکرێ. ئەوەندەی پێوەندی بە ئەمەریکاوە هەبوو، بەدڵیان نەبوو: ئەوان هندییە سوورەکانیان تیرباران کردبوو و قەتاری بەریدیان تالان دەکرد و ڕاوە کیژیان دەکرد.

ئەورووپا بۆ ئەوان کیشوەرێکی ناسراو بوو، بەڵام داخراویش بوو... دەشتودەری، بەتاوەری سەعاتەوە سەرنجڕاکێش بوو.. مەیدانە بەردڕێژکراوە کۆنەکان، سکەی ناو شار، پرد و کەنیسە و گوندی دوورەدەست و ئاووهەوای خۆش و دارستان و دەشتی بە بەفر داپۆشراو...

«هاوینەهەوار» و «مێرگ» و «کیژەمەڵۆکێش» وشەگەلێکی جادوویی بوون و لە منداڵییەوە ڕایاندەکێشام. ئەو وشانە، بۆنوبەرامێکی شەهوانی جیهانێکی ئاشنا و خۆشی وایان لێ دەهات، کە جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ بنمیچە چینکۆ تۆزاوییەکەی خۆماندا هەبوو. لەو زەوییە بەتاڵە شارستانییەوە دوور بوون کە پڕ بوو لە ئاسنە کوت و بنچک، لە هەورازە ڕژدەکانی ئۆرشەلیمەوە دوور بوون کە لەبن قورسایی

گەرمی هاویناندا بۆ هەوا هەناسەبڕکێیان بوو. ئەوەندەم بەس بوو بەچپە بڵێم «مێرگ» تا یەکسەر خوڕەی جۆگە ئاو و بۆڕەی مانگا و زرینگەی زەنگوڵی ملیان بێتە بەر گوێم. ئەوەندەم بەس بوو چاو بنووقێنم تا ئەو مەڵۆکێشە پێ خاوسە سێکسییانە، تەنانەت بەرلەوەی بشزانم سێکس چییە، بێنە بەرچاوم.

بەتێپەڕبوونی ساڵ زانیم کە ئۆرشەلیمی بیستەکان و سییەکان و چلەکانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا، بە کەلەپووری هەمەڕەنگییەوە، شارێکی سەرنجڕاکێش بوو. خاوەن پرۆژەی گەورە و مۆسیقاژەن و توێژەرەوە و نووسەری گەورەی لێ هەبوون: مارتین بۆبلەر، گێرشووم شۆلێم، س ی ئاگنۆن و ژمارەیەکی زۆری تری ئەکادیمی و هونەرمەندی پێشکەوتوو لەوێ بوون. هەندێ جار کە بەشەقامی بن یەهوودا، یان بن مەیموونەدا تێدەپەڕین، باوکم بە گوێیدا دەچپاندم: «سەیرکە، ئەوە ناودارێکی جیهانییە». نەمدەزانی مەبەستی چییە. ناوداری جیهانی لە خەیاڵی مندا، تەنانەت بەچلەی هاوینیش قاتێکی خوری ئەستووری لەبەردا بوو و گۆچانێکی بەدەستەوە بوو و لەسەر دوو لاقی لاواز، بە لەرزەلەرز دەڕۆیشت.

ئەو ئۆرشەلیمەی کە دایک و باوکم بە چاوی ڕێزەوە لێیان دەڕوانی، زۆر لەو ناوچەیە جیا بوو کە ئێمەی لێ دەژیاین: «ریهاڤیا»ی بە باخچەی چڕوپڕی لێ بوو، ئاوازی پیانۆ لە هۆڵەکانی ئوتێلی کفووم، یان شا داوودا دەنگی دەدایەوە. سێ، یان چوار قاوەخانە بەتاجی زێڕینی بریقەدارەوە لە شەقامی یافا و بن یەهوودا هەبوون. جوولەکە و عارەبی تێنووی کەلەپوور، تێکەڵی ئینگلیزی ڕۆشنبیر و پایەدار دەبوون و خانمانی گەردەنبەرزی خەونئامێز بە کراسی شۆڕی ئاهەنگی شەوانەوە، باسکیان بە باسکی پیاوانی قات ڕەشدا دەکرد و دەخولانەوە و ئینگلیزەکان لەگەڵ جوولەکەی ڕۆشنبیرو عارەبی تێگەیشتوودا دەمەتەقێیان دەکرد. لەوێ، ئینگلیز و عارەب و جوو پێکەوە نانیان دەخوارد، سەمای بالێ دەکرا، ئێوارانی ئەدەبی بەڕێوە دەچوو، دەمەتەقێ لەسەر بابەتی ئاڵۆز و ڕۆشنبیری دەکرا. ڕەنگە ئۆرشەلیمی ئاوها لەتاجی زێڕینی درەوشەدار (دانسانتس) تەنیا خەونی خاوەن کتێبخانە و چاپچیدا هەبووبێ. بە هەرحاڵ، ئەوانە لەو ناوچەیەدا نەبوون کە ئێمەی لێ دەژیاین. کەرەم ئەبراهام، ئەو ناوچەیەی ئێمەی لێ بووین، سەر بە چیخۆف بوو.

دوای چەندین ساڵ، کە وەرگێڕانە عیبرییەکەی چیخەفم خوێندەوە، باوەڕم هێنا کە ئەویش یەکێکە لە خۆمان: ماڵەکەی مامە ڤانیا ڕێک لەسەرەوەی ئێمەوە بوو. جارێکیان کە تام لێ هات و جارێکیشیان کە تووشی (دفتریا) بووم، دکتۆر سامۆیلینکۆ بەسەرمدا داچەمی و بە دەستە بەهێز و پانەکانی ئەزمایشی کردم. لایڤسکی ئامۆزای دایکم، کە ژانەسەرێکی بەردەوامی هەبوو، لەگەڵماندا دەهات و ئێوارانی یەکشەممان بۆ نانخواردن دەچووینە لای بەیت خائامی لێکۆڵەرەوە و گوێمان لە تریگۆرینیش دەگرت.

ماڵەکەمان بە ڕووسگەلێکی هەمەجۆر دەورە درابوو. گەلێ خەڵکی سەر بە تۆلستۆی لێ بوون. هەندێکیان تەنانەت بەویش دەچوون. کە وێنەیەکی ئاماڵ قاوەیی تۆلستۆیم بە بەرگی کتێبێکەوە دیت، دڵنیابووم گەلێ جار لەو دەوروبەرەم دیتووە... بەشەقامی مەلاکیدا، یان بە شەقامی ئوبادیادا بەسەری کۆتەوە تێپەڕیوە و ڕیشە سپییەکەی با دەیشەکاندەوە و چاوی ترووکەترووکیان بوو و وەک پاتریارک ئەبراهامیش ڕێکوپێک بوو. لقەدارێکی کردبووە داردەست و کراسێکی ڕووسی بەسەر پانتۆڵەکەیدا دابوو کە بەشتێکی وەک پەت قایمی کردبوو.

تۆلستۆییەکان «دایک و باوکم پێیان دەگوتن (تۆلستۆیچییەکان)» کە دراوسێمان بوون، سەرلەبەریان گۆشتنەخۆر بوون و هەستێکی بەهێزیان بەرانبەر سروشت هەبوو و دەیانویست هەموو جیهان بگۆڕن و بەدوای ژیانێکی ئەخلاقی و ویژدانییەوە بوون. مرۆڤیان پێ پیرۆز بوو و هەموو زندەوەرێکیان خۆش دەویست و بە پەرۆشەوە بوون لە دەشتدا بژین و خەریکی کشتوکاڵی ساکار و میوەچاندن بن، بەڵام لەوەشدا سەرکەوتوو نەبوون ڕووەکی ناو ئینجانەی ماڵی خۆشیان پەروەردە بکەن، یان زۆریان ئاو دەدان، یان ئاویان نەدەدان، یان... ئینگلیزە بەدەکان کلۆریان دەختە ئاوەکەمانەوە!

پێ دەچوو هەندێ کەسی ئەو تۆلستۆییانە، لە ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکییەوە دەرهێندرابن: گلەییکەر و زۆربلێ بوون و خەیاڵی داهێنانیان هەبوو و حەزی خۆیان

سەرکوێر دەکرد، بەڵام هەموو دراوسێکانمان لە کەرەم ئەبراهام، بە تۆلستۆییەکان و دۆستۆیڤسکییەکانەوە، کاریان بۆ چیخەڤ دەکرد.

باقییەکەی جیهان کەوتبووە ژێرسەردێری «جیهانە گەورەکە»وە، بەڵام ئەوەش ڕاناوی خۆی هەبوو: پێشکەوتوو، بێ لایەن، ئازاد، نموونەیی. من نێزیکەی هەموویانم لە ڕێی پووڵەوە دەناسین: دانزیک، بوێهمن و مێهرن، بۆسنیا و هێرزۆگۆڤینا، ئوبانگوی- چاری، ترینیداد و توباگو، کینیا، ئۆگەندا،تانگانیا. جیهانە گەورەکە زۆر دوور بوو، سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام بۆ ئێمەومانان بە مەترسی بوو. ئەوان حەزیان بە جوولەکە نەدەکرد، چونکە ڕۆشنبیر بوون، ئامادەی دەستوەشاندن بوون و پێشکەوتوو بوون، بەڵام دەنگیشیان بەرز بوو و تۆڵەسێن بوون. حەزیان بەوەش نەدەکرد کە بۆ وڵاتی ئیسرائیل ئەنجامان دەدا و ئەو تیلماسکە زەوییە بەردەڵان و بیابان و شۆراوکە باریکەشیان لێ بە زیاد دەگرتین. لە دەرەوە، لەو جیهانەدا، هەموو دیوارەکان بە نووسراوی «جوولەکەکان بۆ فەلەستین بگەڕێنەوە» پڕ کرابوونەوە بۆیە بۆ فەلەستین گەڕاینەوە، بەڵام ئێستا هەموو جیهان هاوار دەکا: «جوولەکەکان لە فەلەستین دەرکەون».

تەنیا ئەو جیهانە گەورەیەمان لێوە دوور نەبوو، تەنانەت خاکی ئیسرائیلیش دابڕاو بوو. لە جێیەکی دووری ئەودیو گردەکاندا، خەریک بوو نەوەیەکی تری جوولەکە گەشەی دەکرد. نەوەیەکی خۆڕانگەستە و بەهێز و بێ دەنگ و بەکار کە زۆر جیاوازییان لەگەڵ جوولەکەی وڵاتە ناجوولەکەکاندا هەبوو، تەواو لە جوولەکەی کەرەم ئەبراهام جیاواز بوون. ئازا و بە جەرگ، دروێنەیان دەکرد و دەیانتوانی ببنە هاودەمی تاریکەشەو و هەموو سنوورێکی پێوەندی نێوان کیژو کوڕیان سڕیبۆوە. ئەوانە شەرمیان بەهیچ نەبوو. جارێکیان باپیرە ئەلیکساندەر گوتی: «پێ دەچێ لە داهاتوودا زۆر ئاسان بێ کوڕێک لەکیژێک بچێتە پێشێ و ڕاست و ڕەوان پێی بڵێ چی لێ گەرەکە، ڕەنگیشە کیژەکان چاوەڕوان نەبن کوڕان بچن پێیان بڵێن، بەڵکو وەک ئاوخواردنەوە، بەخۆیان پێوەندی بەکوڕانەوە بکەن». مام بێتسالای چاوکز بەڕقەوە گوتی: «ئەمە بۆلشەوییەتێکی تەواو نییە پێ بە هەموو نهێنی و موعجیزەیەکدا بنێی؟! هەموو هەستێک لەناوبەریت؟! هەموو ژیان بکەیتە پەرداغە ئاوێکی فێنک؟!» مام نهێیمە لە قوژبنەکەی لای خۆیەوە دەستی بەچڕینی گۆرانییەک کرد کە لە گوێی مندا هەر بەمرەمر دەچوو: «سەفەر و ڕێی پێچاوپێچ دوورن، بەسەر شاخ و دەریاچەدا سەفەر دەکەم، بەناو بەفر و بەر گەرمادا دەڕۆم، بیری ئەویندارەکەم دەکەم، هەروەک داستان بە دووری دەمێنێ...» ئەوجا پوورە زیپوورا بە ڕووسی گوتی: «دەبیبڕنەوە! چییە، هەمووتان شێت بوون؟ ئاخر کوڕەکە گوێی لێتان دەبێ!» ئەوجا هەمووان کردیانە ڕووسی.

گیانبازەکانمان لەودیوی ئاسۆی ئێمەوە، لە گالیلین و شارۆن و شاخەکاندا دەژیان. کوڕە لاوی ئارام و دڵگەرم و هەندێ جاریش بێ دەنگ و هێمن، کیژۆڵانی خۆڕاگر و دادپەروەر و گوێڕایەڵ کە شارەزاییان لە هەموو شتێکدا هەبوو، هەروەها شەرمن و شلەژاو کە بەڕێز و بایەخەوە، وەک منداڵ هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا نەدەکرا، بەڵکو وەک کەسانێک کە گەشەیان نەکردبێ.

وام دەهاتە بەر زەین کە ئەو گیانبازانە خەڵکانێکی جیدی و سەربەخۆ بن و لە شێوەی بازنەیەکدا دانیشن و گۆرانی دڵسووتێن و گاڵتە بڵێن، یان ئاوازی بێ حەیایی، گۆرانی حەز بچڕن و بتوانن کێویانە وەها سەما بکەن کە هەموو سنوورێکی فیزیاوی ببەزێنن، پێویستیان بە تەنیایی وگۆشەگیری هەبووبێ، بتوانن لەو دەشتودەرە بژێن، لە خێوەتدا بخەون و کاری قورس بکەن و گۆرانی «هەمیشە بەردەوامین» و «کوڕەکانتان ئاشتییان بە زەبری چەوساندنەوە هێنا و ئەمڕۆش بە زەبری چەک» و «بۆ هەر کوێیەک بانگمان بکەن ئامادەین» دەیانتوانی سواری ئەسپ ببن و تراکتۆری تایەپان باژۆن، بە عارەبی قسان بکەن، هەموو کون و کەلەبەرێک شارەزا بن، بزانن دەمانچە و نارنجۆک بەکاربێنن. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا شیعر و فەلسەفە بخوێنن و بەخۆ بن حەزی زانینیان هەبێ و مەبەستیشیان شاراوە بێ، ئێواران لەخێوەتەکاندا و لەبەر ڕۆشنایی چرا، بە چپە باسی واتای ژیان بکەن، باسی ئەو جیاوازییە زۆرە بکەن کە لەنێوان ئەوین و ئەرکدا، لەنێوان گیانبازی و دادپەروەری جیهانیدا هەیە.

هەندێ جار من و هاوڕێکانم دەچووینە کۆگاکانی تنۆڤا تا ئەو پیاوانە ببینین کە لە دوورەوە، بە لۆری پڕ لەبەرهەمی کشتوکاڵییەوە بەگردەکاندا دەهاتنە خوارێ. تۆز دایپۆشیبوون و باری چەکیان قورس بوون و پۆستاڵی قایمیان لەپێدابوون. گەلێ جار دەچوومە لایان و بۆنی

پووش و بەری کێوی مەستی دەکردم و بیرم دەکردەوە: لەو جێیەی کە ئەمانی لێوە هاتوون، شتی مەزن ئەنجام دەدرێ. لەوێ وڵات بنیاد دەنرێ و جیهان ڕێک دەخرێتەوە. لەوێ، کۆمەڵگەیەکی نوێ دروست دەبێ. ئەوانەی ئەوێ کاریگەرییان لەسەر جیهان و مێژوو دەبێ. زەوی دەکێڵن و شەراب بەرهەم دێنن و گۆرانی نوێ دەنووسنەوە، تفەنگ هەڵدەگرن و سواری ئەسپ دەبن و تەقە لە عارەبە تالانچییەکان دەکەن. ئەوانە کەرت و پارچەکانمان کۆ دەکەنەوە و نەتەوەیەکی تێکۆشەریان لێ دروست دەکەن. بە نهێنی بیرم لەوە دەکردەوە کە ڕۆژێ لە ڕۆژان منیش لەگەڵ خۆیاندا دەبەن و دەمکەنە بەشێک لەو نەتەوە تێکۆشەرە. ژیانی منیش دەبێتە گۆرانییەکی نوێ و منیش وەک ئەوان، وەک پەرداخێک ئاوی ساردی ڕۆژێکی گەرم پاک و ڕوون و ساکار دەبم.

تەل ئەڤیڤ کە جێیەکی سەرنجڕاکێش بوو، لەو دوورە کەوتبووە ئەودیو گردەکانەوە. ڕۆژنامەکان لەوێوە دەهاتن. ئەوێ شانۆ و ئۆپێرا و بالێت و کابارێی لێ بوون. هەروەها هونەری مۆدێرن و حیزبی سیاسی و دەنگدانەوەی دەمەتەقێ و هەرای بابەتی نەزاندراو. وەرزشکاری گەورە لە تەل ئەڤیڤ هەبوون. دەریاش هەبوو و جوولەکەی خۆرانگەستەی مەلەوانی لێ بوون. چما کەس لە ئۆرشەلیم هەبوو مەلە بزانێ؟ کێ بیستبووی جوولەکە مەلە بکەن؟ مەسەلە جینەکان و بازدانی بۆ ماوەیی بوو. وەک چۆن پەپوولە لەکرمەوە پەیدا دەبێ، ئاوها بوو. هەر ناوەکەی تەل ئەڤیڤ خۆی شتێکی جادوویی تایبەتی بوو. هەرکە گوێم لەناوی «تەل ئەڤیڤ» دەبوو، نیگاری کوڕێکی ئازام بەکراسێکی شینی کاڵەوە لەخەیاڵی خۆمدا دەکێشا. خۆرانگەستە و شان پان، شاعیرێکی کارکەری قارەمان. کوڕێک کە بەبێ ترس خوڵقا بوو. ئەو بابەتەی کە پێی دەگوترا «هەڤەرەمان». کڵاوێکی نارێک، بەڵام توندوتۆڵ و لار بەسەر پرچە لوولەکەیەوە بوو، کوڕێک کە جگەرەی ماتووسیانی دەکێشا. کوڕێک کە لەهەموو جیهاندا ناسرا بوو: بەدرێژایی ڕۆژ کاری قورسی لەکێڵگەدا، یان کاری لە لم و کەرەسەی بیناسازیدا دەکرد. ئێواران شمشاڵی دەژەنی و لەگەڵ کچاندا سەمای دەکرد و لەبەر مانگەشەو، گۆرانی بەجۆشی بۆ ئەوانەی لای گردەکان دەچڕی. شەوان دەمانچەکەی، یان ڕەشاشەکەی هەڵدەگرت و لەحەشارگەکەی دەردەکەوت و پاسەوانی لە خانوو و کێڵگەکان دەکرد.

تەل ئەڤیڤ ئاوها دوور بوو! لە هەموو سەردەمی منداڵیمدا، پێنج شەش جار نەبێ نەچوومەتە ئەوێ: هەندێ جار، بۆ ئەوە دەچووین تا لەگەڵ پوورمدا جەژن بکەین. وەک ئێستا، هەر ڕووناکایی نەبوو کە تەل ئەڤیڤی لە ئۆرشەلیم جیا دەکردەوە. تەنانەت یاساکانی ڕاکێشانی زەویش جیاواز بوون. خەڵکی تەل ئەڤیڤ، تەنانەت ڕێ و ڕۆیشتنیشیان جیاواز بوو. وەک چۆن نێل ئەمسترۆنگ لەسەر مانگ لە بری ڕێکردن بازی دەدا، ئەوانیش ئاوها بازیان دەدا و دەسووڕانەوە.

خەڵکی ئۆرشەلیم بە کاوەخۆ ڕێیان دەکرد و هەر دەتگوت لەسەر قەبرانن، یان درەنگ گەیشتوونەتە کۆنسێرتێک. نووکی پەنجەی پێیان لەزەوی دەنا و جێی هەنگاویان تاقی دەکردەوە. کە پێیان دادەنا، ئیدی پەلەیان لە گواستنەوەی نەدەکرد. ئێمە دوو هەزار ساڵ چاوەڕوان بووین تا جێی پێمان لە ئۆرشەلیم بکەینەوە و نامانەوێ دەستمان لێی بەر بێ. ئەگەر پێ هەڵبڕین، دوور نییە یەکێکی تر پێ بخاتە سەر پارچە خاکە باریکەکەمانەوە. ئەگەر پیاو پێی هەڵبڕی، بەرلەوەی داینێتەوە، دەبێ دڵنیابێ. کەس نازانێ چ ژەهرەمارێک لەسەر ئەو جێ پێیە هەیە. هەزاران ساڵە جوولەکەکان، لە ڕەودا خوێن دەدەن. جار لە دوای جار کەوتووینەتە دەستی دوژمنەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی بێ ئەوەی تەماشای جێی پێی خۆمان بکەین، پێمان داناوە. ئەو بۆچوونە لە ئۆرشەلیمدا ڕەنگی دابۆوە. ئەدی تەل ئەڤیڤ! هەموو دانیشتوانی شارەکە بەکوللە دەچوون. خەڵکەکە بەرەو پێشێ بازیان دەدا. خانووەکانیش وا بوون. شەقامەکان و مەیدانەکان و دەریا و با و لم و تەنانەت هەوری ئاسمانیش بازیان دەدا.

جارێکیان لە جەژنی ڕابووندا سەفەری تەل ئەڤیڤمان کرد. یەکەم بەیانی لەوێ، کە جارێ کەس لە خەو هەڵنەستابوو. زوو هەستام و خۆم گۆڕی و چوومە دەرێ. لە مەیدانێکی بچکۆلەدا بە هەندێ لاتەختە و جۆلانەیەک و دوو سێ نەمام، کە تازە چۆلەکە لەسەریان کەوتبوونە جریوە جریو، بەتەنیا یاریم دەکرد. دوای چەند مانگێک، دیسان سەفەری تەل ئەڤیڤمان کردەوە، بینیم مەیدانەکە لە شوێنی خۆی نەمابوو. هەموو شتێک، بەلاتەختە و

نەمـام و حـەوزی لم و جـۆلانە و چۆلەکـەکـانیـشـەوە، گوازرابوونەوە ئەوسەری شەقامەکە. شتێکی زۆر ناخۆش بوو. نەمزانی چۆن بن گۆڕیۆن و لێپرسراوەکان ڕێی شتی وایان دابوو. خـەڵک چۆن دەتوانن کـتـوپڕ مـەیدانێک بگوازنەوە؟ ئەدی دوای ئەوە چی دەبێ؟ تۆ بڵێی چیای زەیتـوون، یان تاوەری داوود بگوازنەوە؟ دیواری نزاش دەگوازنەوە؟

خەڵکی ئۆرشەلیم بە بەخیلی و شانازییەوە باسی تەل ئەڤیڤیان دەکرد و بەمەیلە و نهێنییەوە پێی سەرسام بوون. وەک ئەوەی شارەکە پرۆژەیەکی گرنگ و نهێنی گەلی جوولەکە بێ و باسکردنی بەدەنگی بەرز باش نەبێ، چونکە دیواریش گـوێی هەیە و دوور نەبوو جاسووس و پیاوانی دوژمن لە هەموو قوژبنێکدا هەبن.

تەل ئەڤیڤ. دەریا. ڕووناکی. جێی بیناسازی، کۆشکەکان، شەقامەکانی دەرێ کە هەردوو لایان داربوون. شارێکی نوێی شاش و سپی عیبری بە هێڵی ساکارەوە، دارلێمۆ، گردی نانیشتەجێی لم. هەر جێیەک نەبوو بلیتی سەفەری پاسی لێ بکڕدرێ، بەڵکو کیشوەرێکی تەواو جیاواز بوو.

چەندین ساڵ بوو وا ڕاهاتبووین جاروبار تەلەفۆن بۆ کەسوکارمان لەتەل ئەڤیڤ بکەین. هەر سێ مانگ، یان چوار مانگ جارێ تەلەفۆنمان بۆ دەکردن، ئەگەرچی نە ئێمە تەلەفۆنمان هەبوو نە ئەوان. لەپێشدا نامەمان بۆ پوورە هایا و خاڵ تسقی دەنارد تا ئاگاداریان بکەینەوە کە نیازمان وایە بچینە دەرمانخانەکەی لای خۆمان و لەوێوە تەلەفۆن بۆ دەرمانخانەکەی لای ئەوان بکەین. بۆ نموونە، نۆزدەی فلان مانگ، کە دەیکردە ڕۆژی چوارشەممە. خاڵە تسقی سەعات سێ لە بنکەی تەندروستی دەستی لەکار هەڵدەگرت. تەلەفۆنکردنی ئێمە دەبوو سەعات پێنج بێ. نامەکە زۆر زووتر دەنێردرا تا پوورە هایا و خاڵە تسقی فریا بکەون و بەنامە وەڵام بدەنەوە و پێمان ڕابگەیەنن کە چوارشەممە لەبار دەبێ و کەمێ پێش سەعات پێنج لە دەرمانخانەکە دەبن و ئەگەر ڕێک لەپێنجدا لەوێش نەبن، خەمیان نەبێ.

لەبیرم نییە بۆ چوونە دەرمانخانەکە و تەلەفۆنکردن بۆ تەل ئەڤیڤ، باشترین جلمان لەبەر کردبێ، بەڵام ئەگەر واشمان کردبێ جێی سەرسوڕمان نییە. جەژنەیەک بوو بۆ خۆی. هەر لە ڕۆژی شەممەوە باوکم بە بیری (فانیا)ی دایکمی دەهێنایەوە و دەیگوت: خۆ لەبیرت نەچووە ئەم حەفتەیە تەلەفۆن بۆ تەل ئەڤیڤ دەکەین؟ دووشەممیش دایکم دەیگوت: ئاریە، نەکەی دوو سبەی درەنگ بێیتەوە، بەڵێنم دەیێ درەنگ نەیەیتەوە. ڕۆژی سێ شەمیش، هەردووکیان بەمنیان دەگوت: ئامووس، کاری کتوپڕ نەکەی، گوێت لێیە؟ نەخۆش مەکەوە و هەلامەت مەگرە و نەچی بەدەمدا بەربیتەوە. هەرچۆنێ بێ، تا سبەی ئێوارە شتی وانەکەی. هەمان ئێوارە دەیانگوت: ئێستا بخەوە تا سبەینێ، کە دەچین تەلەفۆن بکەین، تەندروستیت باش بێ. نابێ دەنگت وا بێ بچێ کە بە ناپوختەیی نانت خواردووە.

ئاوها خۆیان شڵەژاندبوو. ماڵەکەمان لە شەقامی ئامووس بوو و دەرمانخانەکەش کەوتبووە شەقامی سێفانیانەوە، کە پێنج دەقیقە ڕێ لێمانەوە دوور بوو، کەچی هەر سەعات سێ باوکم بە دایکمی گوت: «دەست بەشتێ مەکە دوایی کاتمان بەدەستەوە نەمێنێ».

«من چ کێشەیەکم نییە، بەڵام تۆ خۆت، بەخۆت و کتێبەکانتەوە دوور نییە هەموو شتێکت بیر بچێ».

«من؟ لەبیرم بچێ؟ من هەموو دەقیقەیەک تەماشای سەعاتەکە دەکەم. ئامووسیش بیرمی دەخاتەوە». من تەمەنم پێنج ساڵان بوو و دەبوو هەر لەو کاتەوە ئەرکێکی مێژوویی بخەمە ئەستۆی خۆم. کاتژمێری خۆمم نەبوو- چۆن دەبوو هەمبێ؟ لەبەر ئەوە، دەبوو زوو زوو بە ڕاکردن بچمە مەتبەخەکە تا بزانم کاتژمێر چەندە. ئەوجا وام هەست دەکرد کە ژمارەی بەرەواژی هاویشتنی سارووخ بەرەو بۆشایی ئاسمان دەستی پێ کردووە. بیست و پێنج دەقیقەی ماوە، بیست دەقیقەی ماوە، پازدە دەقیقەی ماوە، دە دەقیقە و نیو و نیشانەی ئەوە دەرکەوت کە هەرسێکمان هەستین، جوان دەرگامان داخست و بەلای چەپدا بۆ لای ئاوستەری بەقاڵ و لەوێشەوە بەلای ڕاستدا، بۆ شەقامی ساکاریا، بەلای چەپدا بۆ شەقامی مەلاکی و دیسان بەلای ڕاستدا بۆ شەقامی سێفانیا و ئەوجا بۆ ناو دەرمانخانەکە و لەوێ گوتمان:

«جەنابی هێنەمان ئێوارە باش، تەندروستیت چۆنە؟ هاتووین تا تەلەفۆنێک بکەین».

دیارە کە دەمێ بوو زانیبووی کە ئەو ڕۆژە دەچین و تەلەفۆن بۆ خزمەکانی تەل ئەڤیڤمان دەکەین و دەشیزانی کە تسقی لە بنکەی تەندروستیدا کار دەکا و هایا

پلەوپایەیەکی گرنگی لە ڕێکخراوی ژناندا هەیە و ئیگال کە گەورە بێ، دەبێتە وەرزشکار و دۆستی نیزیکی گوڵدا مائیرسۆنن (کە دوایی بووە گوڵدا مائیر). هەروەها دۆستی میشە کۆلۆدنین کە لای ئێمە بە میشە کۆل ناسرابوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بیرمان هێنایەوە: «هاتووین تا تەلەفۆن بۆ خزمەکانمان لە تەل ئەڤیڤ بکەین». جەنابی هێینەمانیش هەمیشە ئاوها وەڵامی دەدایەوە: «بەڵێ، بەسەرچاو، فەرموون دانیشن». ئەوجا نوکتە تەلەفۆنییەکەی دەگێڕایەوە: «جارێکیان لە کۆنگرەی زایۆنستەکاندا لەزیوریخ، کتوپڕ خەڵکەکە گوێیان لەهاتوهاوارێک بوو. بێرل لوکەر لەهارزفێلدی پرسی ئاخۆ چ ڕووی داوە. هارزفێلد وەڵامی دایەوە ئەوە هاوڕێ ڕوباشوڤە لەگەڵ بن گریۆندا، لە ئۆرشەلیم قسە دەکا. «لەگەڵ ئۆرشەلیمدا قسە دەکا؟» بێرل لۆکەر ئەو هاوارەی کردبوو، ئەوجا گوتبووی: «بەڵام بۆچی تەلەفۆن بەکارناهێنێ؟»

باوکم دەیگوت: «ئێستا ژمارەکە لێ دەدەم». دایکیشم دەیگوت: «ئێریچ، جارێ زووە. هێشتا چەند دەقیقەیەکی ماوە». باوکم وەڵامی دەدایەوە «وایە، بەڵام خۆ دەبێ تەلەفۆنەکە پێکەوە گرێ بدرێن». تەلەفۆنی ڕاستەوخۆ نەدەکرا. دایکم دەیگوت: «وایە، بەڵام ڕەنگە ڕاستەوخۆ پێکەوە ببەسترێنەوە و جارێ ئەوان لەوێ نەبن». باوکم وەڵامی دایەوە: «ئەگەر وابوو، کەمێ دواتر هەوڵ دەدەینەوە». دایکم گوتی: «نا، دوایی دڵیان شتێک دەکا و وا دەزانن تەلەفۆنکردنەکەیان لەدەست چووە».

لەکاتێکدا ئەوان خەریکی ئەو قسانە بوون،کاتێکمان زانی سەعات بووە پێنج. باوکم هەستا و سەماعەکەی هەڵگرت و بەبەددالەی گوت:«ئێوارە باش، بی زەحمەت دەتوانی لەتەل ئەڤیڤ ژمارە ٦٤٨مان بۆ وەرگریت؟» (یا شتێکی لەو بابەتە؛ هێشتا ژمارەکان سیانی بوون) هەندێ جار لە بەددالەوە دەیانگوت: «جەنابی بەڕێز، یەک دوو دەقیقەیەک چاوەڕوان بن، چونکە بەڕێوەبەری بەرید لەسەر خەتە»، یان جەنابی سیتتۆن، یان جەنابی ناشاشیبی. ئێمەش تاڕادەیەک دەشڵەژاین، دەبێ چۆن بیرمان لێ بکەنەوە؟

من لەلایەنی خۆمەوە ئەو خەتەم بەتاکە پێوەندی نێوان تەل ئەڤیڤ و ئۆرشەلیم و جیهان دەزانی. ئەگەر ئەو تاکە ڕێی پێوەندییەش لەکاردا نەبێ، لەجیهان دادەبڕێین. خەتەکە، پێوەندییەک بوو خۆی بە دەشتودەر و شاخوداخ و گرد و دۆڵدا بەکێش دەکرد و منیش ئەوەم بەموعجیزە دەزانی. لەرز دەیگرتم: ئەدی ئەگەر دڕندەیەک بەشەو بچێ و تەلەکان بقرتێنێ! ئەگەر عارەبی زیانبەخش بیبڕن! ئەگەر باراناو چووە ناوی! ئەدی ئەگەر ئاگر کەوتەوە! کەس نەیدەزانی. خەتەکان، بەبێ خاوەن و چاودێری، لەوبەر خۆرە گەرمەدا درێژ دەبوونەوە. هەرچی بڵێی دەشیا بقەومێ. خۆم بە سوپاسگوزاری ئەو پیاوانە دەزانی کە خەتی تەلەفۆنیان ڕاکێشابوو. چەند ئازا و گورجوگۆڵ بوون. ئاسان نییە خەتێک لەنێوان ئۆرشەلیم و تەل ئەڤیڤدا ڕاکێشرێ. ئەوەم بە تاقیکردنەوە دەزانی: جارێکیان خەتێکمان لەنێوان ژوورەکەی من و ژوورەکەی ئێلیا فرێدمان ڕاکێشا، کە بەدوو خانوو و باخچەیەکدا تێدەپەڕی. ڕەتکردنی بەو بەربەسانەدا زۆر ئاڵۆز بوو. دار، دراوسێ، قادرمە و پنچکەکان.

کە باوکم وای بۆچوو بەڕێوەبەری بەرید، یان جەنابی ناشاشیبی لە قسەکردن بۆتەوە، سەماعەکەی هەڵگرتەوە و بەددالەکەی گوت: «ببوورە ئێستا داوام کرد ٦٤٨ی تەل ئەڤیڤم بۆ وەرگریت».

«جەناب، لەلای خۆم تۆمارم کردووە» کچی بەددالەکە وای وەڵام دایەوە. ئەوجا گوتی: «دەکرێ کەمێکی دی چاوەڕوان بی؟» (یا «تۆزێ ئارام بگری؟»).

باوکم گوتی: «بەڵێ، چاوەڕوان دەبم چۆن چاوەڕوان نابم! بەڵام خەڵک لەوێ چاوەڕوانی تەلەفۆنی ئێمەن». ئەوە شێوە دەربڕینێکی بەئەدەبانە بوو کە ئێمە ئەگەرچی بە پشووین، بەڵام سنوورێکیش بۆ پشوودرێژیمان هەیە. جوان پەروەردە کرابووین، بەڵام گێل نەبووین. ڕێمان نەدەدا وەک بەرخ بەرەو قەسابخانە بماندەنە پێش. ئەو بۆچوونە، کە دەتواندرێ چ هەڵسوکەوتێک بڵێی لەگەڵ جوولەکەدا بکرێ، بۆ هەمیشە تێپەڕیبوو.

کتوپڕ زەنگی تەلەفۆنی دەرمانخانەکە لێیدا. هەمیشە دەنگێکی وورووژێنەر بوو. چرکەساتێکی جادوویی بوو. ئەوجا قسەکان بەشێوەیەکی ئاوها کران:

«هەلاو، تسڤی؟»

«ئەریچ، لەئۆرشەلیمەوە قسان دەکا».

«هەلاوئێریچ، من تسڤیم، چۆنن؟»

«زۆر باشین. لە دەرمانخانەکەوە تەلەفۆن دەکەین»

«منیش. هیچ شتێکی نوێ ڕووی نەداوە؟»

«هەموو شتێک بەدڵی تۆیە. شتێکی وا نییە شایانی باس بێ. تسیڤ، قسە بکە».

«هەموو شتێ باشە. ئێمەش شتێکی ئەوتۆمان نییە باسی بکەین. هەموومان زۆر باشین. ئەی ئێوە؟»

«زۆرباشین».

«زۆر باشە. ئێستا فانیا دەیەوێ قسان بکا».

ئەوجا دیسان سەرلەنوێوە دەست پێ کرایەوە. چۆنن؟ وەزغتان چۆنە؟ دواییش: ئێستا ئامووس هەندێ قسە دەکا.

ئەوە هەموو قسەکان بوو. هەموو شتێک باشە؟ زۆر باشە. ئا، باشە دوایی قسە دەکەینەوە. خۆشحاڵم گوێم لێتان بوو. دوایی نامە دەنووسین و کاتێک بۆ قسەکردن دادەنێین. ئا، بەڵێ، زوو. ئاگاتان لەخۆتان بێ. هیوادارین ئێوەش باش بن.

بەڵام مەسەلەکە ئەوەندەش گێلانە نەبوو وەک پێ دەچێ: ژیانمان بەداوە موویەکەوە بەند بوو. ئێستا دەزانم کە قەت دڵنیانەبوون جارێکی دی پێکەوە قسان بکەن. ڕەنگە ئەوە دواجار بووبێ. کێ دەیزانی چ ڕوو دەدا. دوور نەبوو ڕاپەڕین، یان ئاوارەبوون ببێ، یان لافاوی خوێن هەستێ. دوور نەبوو عارەبەکان ڕاپەڕن و هەموومان لەناوبەرن. لەوە بوو جەنگ بقەومێ، کارەساتی تۆقێنەر ببێ. تانکەکانی هیتلەر لە دوو لاوە گەیشتبوونە ناوچەکانمان. باکووری ئەفریقیا و قەوقاس. کەس نەیدەزانی چی چاوەڕوانمانە. ئەو قسە بۆشانە، لە ڕاستیدا بۆش نەبوون، بەڵکو ناچاری بوون.

ئەوەی ئەو جۆرە قسەکردنە لە تەلەفۆندا، بۆ منی ئاشکرا دەکا، ئەوەیە چەند ناخۆش بوو هەستی خۆیان ئاشکرا بکەن. هەموویان، نەک تەنیا دایک و باوکی من. هیچ بە لایانەوە کێشە نەبوو ڕەپ و ڕاست هەستی خۆیان دەربڕن. ئاخر هەستیار بوون و دەیانتوانی قسان بکەن. ئای، وەک ئەوەی توایبێتیان قسان بکەن. دەیانتوانی چەندین سەعات لەباری نیتشێ و ستالین و فرۆید و جابۆتونسکییەوە قسان بکەن و خۆیان سەرگەرم بکەن. ئەشکی سۆز هەڵوەرێنن. بە جۆرە ئاوازێکەوە دەمەتەقێیان لەسەر کۆلۆنیالیزم و دژەسامی و دادپەروەری و گۆڕانکاری زەوی و کێشەی ژن و هونەر و قەیامەت دەکرد، بەڵام لە هەمان کاتدا کە دەیانویست دەنگ بۆ هەستی تایبەتی بدەن، ئەنجام توندوتیژی وشک و تەنانەت شەرمەزاری دەبوو. ئەوەش لە ئەنجامی ئەوەدا بوو کە نەوە دوای نەوە ناچاربوون هەستی خۆیان وەشێرن، یان بەزەقی دەری نەخەن. لە ڕاستیدا دوو جاران خۆگرتن و دوو سیستەمی خۆگرتن بوو، چونکە کەلەپووری بۆرژوا ئەورووپییەکان یەکگرتنی ئایینی بەهێز دەکرد. هەموو شتێک «قەدەغە»، یان «حەرام» بوو، یان «زۆر جایز نەبوو».

جگە لەوانە، وشەش کەم بوون، هێشتا هەست دەکرا زمانی عیبری ناسروشتی بێ و قەت زمانێکی تایبەتی نەبوو و کەس دڵنیا نەبوو لەکاتی قسەکردندا چۆن دەردەکەوێ. مەترسی ئەوەش هەبوو، شێوەی قسەکردن، پیاو گێل دەربخا و ئەمەش هەمووانی تۆقاندبوو. لەوە تۆقیبوون بەگێل بچن. تەنانەت خەڵکی وەک دایک و باوکی منیش کە عیبرییەکی باشیان دەزانی، بەسەریدا زاڵ نەبوون. هەموو هەوڵێکیان دەدا ڕاست قسە بکەن. بەردەوام قسەی خۆیان ڕاست دەکردەوە و ئەوەی دەیانگوت دووبارە دایاندەڕشتەوە. ڕەنگە شوفێرێکی چاو کوتوکوێر، لەکاتی شەودا و لەکاتی ئاژاوتنی ئۆتۆمبێلێکدا کە بۆ یەکەم جار بەڕێیەکدا دەیئاژوێ کە شارەزای نییە و لە وڵاتێکدا بێ کە یەکەم جار دەیبینێ، ئاوها بێ.

ڕۆژێکی شەممە، دۆستێکی نێزیکی دایکم هاتە سەردانمان. ئافرەتێکی مامۆستا، ناوی بار- سامخا بوو. هەموو جارێ ئەو مێوانەمان کە وشەی «ترس»، یان «ترساندن»ی بەکار دەهێنا، من دەمدایە قاقای پێکەنین. ئەو «ترس»ەی ئەو بەکاری دەهێنا، لە قسەکردنی ڕۆژانەدا، دەبووە «تس». دیارە کەس حەزی بەو تێکەوتنە نەدەکرد، یان وایان پێشان دەدا کە هیچ نەقەوماوە. کە باوکم لەبارەی «ئامادە»کارییەوە قسەی دەکرد، یان هێرشی دەبردە سەر ناتۆ: بڕیاری داوە پشتی «ئامادە»کاری ئەڵمان بگرێ تا ستالین بترسێنێ، هەمان شت بوو. ئاگای لەوە نەبوو وشەی «ئامادە»کاری زمانی نووسین، لە قسەکردندا «گان» دەگەیەنێ.

منیش هەموو جارێ کە وشەی «کێشە»م بەکاردەهێنا، باوکم تووڕە دەبوو. ئەو وشەیە، بەلای منەوە ئاسایی و ساکار بوو و نەمدەزانی بۆچی باوکم سەغڵەت دەکا. مەحاڵ بوو بتوانم لێی بپرسم و خۆشی بۆی ڕوون نەدەکردمەوە. دوای چەندین ساڵ، ئەوجا زانیم کە وشەی

«کێشە» ، «ئاوس»یش دەگەیەنێ. جا ئەگەر بمگوتبا «خوشکەکەی ئیریس کێشەی هەیە» باوکم تووڕە دەبوو...لێوی بەیەکەوە دەنووساندن و کونەلووتی فش دەبوون. دیارە ڕوونکردنەوەشی نەبوو- جا چۆنی ڕوون بکاتەوە؟

گەلێ جار باوکم و دایکم بەعیبری پێکەوە قسانیان نەدەکرد. ڕەنگە هەرگیز لەکاتی خەڵوەتی تایبەتی خۆیاندا بە عیبری قسەیان نەکردبێ. هەمیشە ترسی هەڵەکردن و گێلایەتی ئامادەبوو.

(٢)

ئەوکاتە گیانبازەکان، لە ڕواڵەتدا بەرزترین پلەوپایەیان هەبوو، بەڵام لەدووری ئۆرشەلیم، لە دۆڵەکان، لەگالیلین و دەشتی دەوروبەری دەریای مردوودا دەژیان. سەرسامی توندوتیژی و دڵسۆزی خەیاڵئامێزیان بووین، وەک لە ئەفیشەکانی بەرەی نەتەوەیی جوولەکەدا پیشان دەدران، پارسەنگی نێوان زەوی و تراکتۆرەکانیان ڕادەگرت.

ئەوانەی لەبن کەپری هاوینانیشدا بەتوێی فانیلەیەکەوە دادەنیشتن و ڕۆژنامەی سۆسیالیستی (داڤار)یان دەخوێندەوە، لە پلەی کۆمەڵایەتیدا بە دوای گیانبازەکاندا دەهاتن. ئەوانە ئەندامی هیستادروت و هاگا و دەستەی بنکەی تەندروستی بوون، پیاوگەلێک بوون بە جلی خاکییەوە بەشدارییان لە سەندیکای ئابووری کۆمەڵدا دەکرد، کاهوویان بە کرێم و ماستەوە دەخوارد، خۆڕاگری و بەرپرسیارێتی و پێوەندی کۆمەڵایەتی پتەو و بەرهەمی کشتوکاڵی ناوخۆ و چینی کرێکاران و دسپلینی حیزبایەتی و زەیتوونی کەمتامی قوتووی (تنۆڤا)یان پێ چاک بوون، کە لێیان نووسرابوو: ئاسمانی شین، کەناری ڕووناک، بە ئەوین وڵاتەکەمان بنیاد دەنێین!

بەپێچەوانەی ئەم کۆمەڵگا ڕێکوپێکەوە، تیرۆرستی «ناگوێڕایەڵ» و جوولەکە ئایینیەکانی میەشێرم و «دژە زایۆنییەکان» و کۆمۆنستە توندڕەوەکان، لەگەڵ هەندێ ڕۆشنبیری توندڕەوی سەربەخۆ و هەندێ هونەرمەندی دژە کولتووری کۆسمۆپۆلیت و هەموو تەریک و خۆپەسەند و ڕاڕا و نەهیلست و ئەو جوولەکە ئەڵمانیانەی کە نەیانتوانیبوو ئەڵمانێتی لەخۆیان داماڵن و ئینگلیزویستە توندڕەوەکان و ڕۆژهەڵاتییە بە فەرەنسیبووە دەوڵەمەندەکان، لەگەڵ ئەوانەشدا کە ئێمە پێمان وابوو زیادەڕۆیی لەکوێخایەتیدا دەکەن، هەروەها یەمەنی و جۆرجی و باکوور ئەفریقیایی و کورد و بەگومانەکان. بەدڵنیاییەوە هەموویان برامان بوون و بابەتی گرنگی مرۆڤایەتی بوون، بەڵام پیاو بڵێ چی کە ئەم دەستانە، دڵگەورەیی و سەرهێشەی یەکجار زۆریان پێ دەویست.

شانبەشانی ئەمانەش، ڕەوکردووەکان، ئەوانەی کە لە جەنگ دەرباز ببوون، هەبوون و بەناچاری و بە سۆزەوە هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا دەکردن: ئایا هەڵەی ئێمە بوو ئەو کەرتوپەرتە مرۆییانە، لەجیاتی ئەوەی، بەرلەوەی کات بەسەر بچێ بێنە ئێرە، دانیشن و چاوەڕوانی هیتلەر بکەن؟ بۆچی لەبری ئەوەی قەبووڵ بکەن وەک مەڕ بەرەو قەسابخانە ڕایان بدەن، خۆیان ڕێک نەخست و بەرهەڵستییان نەکرد؟ ئەگەر وازیشیان لە بۆڵەبۆڵ هێنابا و گلەییشیان لە (یدی) نەکردبا و هەر باسی بەسەرهاتی ئەوێی خۆیان کردبا هەر باش بوو. ئەوان، بەو خەسڵەتە ڕۆژی ئێمەشیان لەگەڵ خۆیاندا ناخۆش کردبوو.

هەرچۆنێ بێ، ئێمە ڕوومان لە پاشەڕۆژ بوو نەک ڕابردوو. ئەگەرناچار بوایەین ڕەگ لە ڕابردوودا داکوتین، مێژووی عیبری سەردەمی ئینجیل و هەسمۆنییەکانمان بەس بوو. پێویست نەبوو بە مێژووی سەدان ساڵەی کارەساتی جوولەکەوە ببەسترێینەوە و (کارەسات لەناوچەوانی خۆمان مۆر بکەین و وشە «تسورەس»ی یدی بەکاربێنین، کورەکە دەزانێ سورەس جۆرە نەخۆشییەکە ئەوان دەگرێتەوە نەک ئێمە) ئەو خەڵکانەی کە مابوونەوە، وەک جەنابی لیخت، کە ناوی (ملیۆنێ منداڵ)ی لێ نرابوو. لە شەقامی مەلاکی کونەدیوارێکی بەکرێ گرتبوو، لەوێ دەنووست و بە ڕۆژەوە دۆشەکەکەی لوول دەدا و هەرلەوێ جلشۆرییەکی بچووکی کیمیایی و ئوتووی هەڵمی دانابوو. وەک کەسێکی سڵ، یان ڕقاوی، هەردوو گۆشەی لالێوی سەرەوخوار بوون. لەبەر دەرگاکە دەوێستا و چاوەڕوانی کەسێکی دەکرد جلی بۆ ببا و هەموو جارێکیش کە منداڵە دراوسێکان بەلایدا ڕەت دەبوون، ڕووی وەردەچەرخاند و تفێکی ڕۆ دەکرد و لە بەرخۆیەوە دەیگوت: «یەک ملیۆن مردن! منداڵی وەک ئێوە! هەموو قەسابی کران!» ئەوەی بە دەنگی خەماوییەوە نەدەگوت، بەڵکو بەرقەوە دەیگوت و پڕ بوو

لەقێزبوونەوە، دەتگوت ڕقی لێمانە.

باوک و دایکم لەنێوان گیانبازەکان و کرێمخۆرەکاندا جێیەکی تایبەتییان نەبوو. پێیەکیان لەناو کۆمەڵگەی گوێڕایەڵ بوو (سەر بە بنکەی تەندروستی بوون و ئابوونەیان بە سەندیکای خۆشگوزەرانیش دەدا)، بەڵام دووەمیان بە ڕێڕەوی. باوکم لە ڕۆح و دڵەوە لایەنگری سەربەخۆکان و تازە زایۆنییە لادەرەکانی پابۆتێنسکی بوو، ئەگەرچی لەگەڵ تۆپ و تفەنگەکانیشیاندا نەبوو. ئەو زیاتر توانای ئینگلیزی خۆی بەکاردەهێنا و بەشداری لەدەرهێنانی نامیلکەی نهێنیدا دەکرد کە بەناوی (ئالیبۆنی ڕەنج بە خەسار) دەردەچوو. ئەوان بەرەو ڕۆشنگەرایی ریهاڤیا دەچوون، بەڵام ئەو بیرۆکە زرەی مارتین بۆبەرلە (بریت شالۆم) هەیبوو و کاری بۆ برایەتی جوولەکە و عارەب دەکرد، دەسبەردان بوو لە دەوڵەتی جوو. هیوایەک بوو عارەب بەزەییان پێماندا بێتەوە و ڕێمان بدەن لەبەر پێیاندا بژین. بەلای دایک و باوکمەوە، ئەو بۆچوونە دەستبەردان بوو لە بڕبڕەی پشت و ئەو جۆرە ترسنۆکییە بوو کە سەدان ساڵ ژیانی دەربەدەری جوولەکەی ڕاگیرکردبوو.

دایکم، کە لە زانکۆی پراگ خوێندبووی و لە ئۆرشەلیم شادەی ئەکادیمی بەدەست هێنابوو، وانەی تایبەتی بەو خوێندکارانە دەگوتەوە کە لە مێژوو و ئەدەبدا دەچوونە تاقیکردنەوەی کۆتاییەوە. باوکم شادەی ئەدەبی لە ڤیلنا (ڤیلنیوسی ئێستا) وەرگرتبوو و لەسەر ئەوشەوە لە زانکۆی سکۆپسبۆرگ لە کاتێکدا خوێندبووی، کە ژمارەی ئەدیبان لە ژمارەی خوێندکارانی ئەدەب گەلێ زیاتر بوو. لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە زۆر لەمامۆستاکان بە شادەی درەوشەداری زانکۆکانی ئەڵمانیاوە هاتبوون. وەک باوکم نا، وەک شادەی پۆڵۆنیا و ئۆرشەلیمیش نا. لەبەر ئەوە باوکم کرابووە فەرمانبەری کتێبخانەی نەتەوەیی لەسکۆپسبێرگ و ئێواران تا درەنگ دادەنیشت و لێکۆڵینەوەی لەسەر کورتە ڕۆمانی عیبری دەکرد، یان چاوێکی بەمێژووی ئەدەبی جیهاندا دەگێڕا. باوکم لەکاری کتێبخانەدا زۆر لێهاتوو بوو، توندوتیژبوو، بەڵام نەختێ شەرمنیش بوو. بۆینباغی لەمل بوو و چاویلکەی خڕی لە چاودابوو و چاکەتێکی کەمێ سواوی لەبەردا بوو. پیاوێک بوو، سەری ڕێزی بۆ گەوران نەوی دەکرد و خێرا دەرگای بۆ خانمان دەکردەوە و لەسەر مافی خۆی گردەبڕ و سوور بوو، بەجوانی، بە دە زمان شیعری دەنووسی و هەمیشە وای دەردەبڕی کە بارسووکییە و هەمیشە سوعبەتی دەکرد و ناوی شانۆ، یان نوکتەی لێ دەنا. سوعبەتەکانی، بەشێوەیەکی گشتی توندبوون و باسی ئامانجی دیاریکراو و ئەرک بوون، زیاتر لەوەی باسی زەوق و ژیانی ڕۆژانە بن.

هەر جارێ باوکم تووشی گیانبازێکی جل خاکی، یان شۆڕشگێڕ، یان ڕۆشنبیرێک بوایە کە کاری جەستەییان کردبا، زۆر دەشڵەژا. لە جیهانی دەرەوە، لە ڤلینا، یان لە وارشۆ پیاو ڕێک دەیزانی چۆن لەگەڵ پرۆلیتارێکدا قسان بکا. هەر کەسە و جێی خۆی دەزانی ئەگەرچی لەپێناوی مافی کرێکاراندا خۆپیشاندانی دیموکراتییانەشیان کردبا، بەڵام لێرە، لە ئۆرشەلیم، هیچ شتێک ڕوون نییە. وەک ڕووسیای کۆمۆنیست هەڵاوگێڕنەبۆتەوە، بەڵکو هەموو شتێک تێکەڵ کراوە.

باوکم لە لایەکەوە، بەڕاستی سەر بەچینی ناوەنجی بوو، ئەگەرچی لە ڕاسترەوەکانیشەوە دوور بوو. پیاوێکی ڕۆشنبیر بوو و کتێب و گوتاری دەنووسین و ئەرکێکی بێ لێپرسینەوەی لەکتێبخانەی نەتەوایەتی هەبوو، بەڵام ئەوەی قسەی لەگەڵدا دەکرد کرێکارێکی بیناسازی عارەقاوی بەدلەلەبەر بوو، بەپێڵاوی زل و بەهێزەوە. لەلایەکی تریشەوە، دەیانگوت ئەو کرێکارە جۆرە شادەیەکی لەکیمیادا هەیە و خۆتەرخانکەرێکی گیانباز، خوێی زەوی و قارەمانێکی شۆڕشگێڕ بوو و کاری جەستەییشی دەکرد. کەچی باوکم، بە هەرحاڵ لەناخەوە، خۆی پێ بێ ڕەگ بوو، ڕۆشنبیرێکی چاوکز بوو، بە دوو دەستەچەپەوە. جۆرە ڕاکردوویەکی بەرەی شەڕ بوو لەکاتێکدا کە وڵات بنیاد دەنرا.

زۆربەی دراوسێکانمان فەرمانبەر و مەعمەلەچی بوون و هەندێکیش کاری بانقیان دەکرد. ئەگەر لە پشت پەنجەرەی بلیتفرۆشی نەبوونایە، مامۆستا بوون، دانساز بوون، یان وانەی تایبەتییان دەدایەوە. زۆر بەدین نەبوون و تەنیا لە ڕۆژی تۆبە و لێبوردندا دەچوونە کنیسە و هەندێ جاریش بۆ ئاهەنگ. هەرچۆنێ بووبێ، هەموو ئێوارەیەکی هەینی مۆمیان دادەگیرساند؛ ڕەنگە ئەوەیان بۆ هێشتنەوەی پێوەندی بە کەلەپووری جوولەکەوە بووبێ و ڕەنگیشە بۆ خۆپاریزی و دڵنیایی بووبێ، بەڵام ڕاستییەکەی نەدەزاندرا. هەموویان، تاڕادەیەک

خوێندەوار بوون، بەڵام لە بارودۆخی خۆیان ڕازی نەبوون. بۆچوونی گـــردەبڕیان لەسـەر دەســەڵاتی بەریتـانی و پاشـەڕۆژی زایۆنیـزم و چینی کـرێکاران و کـەلەپووری وڵات و هێرشی دورینگ بۆ سەر مارکس و ڕۆمانەکانی کنوت هامسن و مەسـەلەی عـارەب و مـافی ژن هەبوو. هەمـوویان، بە شێوەیەک لە شێوەکان خاوەنی بیرکردنەوە بوون و شـــارەزاییـــان لەئاییندا هەبوو و بۆ نموونە. دەیانویست پێش بە توندڕەویی ئاییینی سپیۆنێزە بگیرێ، یان دەکەوتنە کۆشش بۆ ئەوەی بۆ عـارەبی فـەلەسـتینی بیسەلمێنن کە ئەوان عـارەب نین، بەڵکو سەرچاوەیان بۆ عیبریبیە کۆنەکان دەگەڕێتەوە. دەشیانتـوانی لە بارەی بۆچوونی کـانت و هیگلەوە ئەنجامگیری بکەن. هەروەها لەزانیاری تۆلستۆی و زایۆنیزم بۆچوونێک بنیاد بنێن کە لێرە، لەخاکی ئیسرائیلدا ببێتە بناغەی ژیانێکی خۆش و تەندروست و پاک. ئەگەر بە گەرمی باسی بەرهەمهێنانی شـیری بزنیـشـیـان بکردبا،باسی هاوکـاریـیـان لەگـەڵ ئەمەریکا و تەنانەت ستـالینیـشـدا دەکرد تا دەسـەڵاتی بەریتانیا بەدەرنێن، یان باسی ئەوەیان دەکرد کە هەمـوو کەسێک دەبێ بەیانیان وەرزش بکا تا دەمارگرژی لابەرێ و ڕۆح پاک بکاتەوە.

ئەودراوسێیانەمان کە ئێوارەی ڕۆژانی شەممە لەباخچە بچکۆلەکە کۆدەبوونەوە و چایەی ڕووسییان دەخواردەوە، زۆربەی هەرە زۆریان خەڵکانێکی دەست سپی بوون. هەر جارێ یەکـێک بیـویستبـا وایەرێک چاک بکاتەوە، یان واشـەرێک بگۆڕێ، یان کـونێک لەدیوار بکا، بە دووی (بارۆخ)یدا دەنارد، کە تاکە کەس بوو ئەو جۆرە کارانەی دەزانی. هەر لەبەر ئەوەش پێیان دەگوت (بارۆخە دەست زێڕین). هەمـــوو ئەوانی دی، بەخـیـــتـــابی ئاگـــرین شیکردنەوەیان بۆ ئەوە هەبوو کە بۆ گەلی جوولەکە چەند گـرینگە بگەڕێنەوە سـەر ژیانی کـشـتـوکـاڵی و کـاری جەستـەیی. ڕایاندەگەیاند: ئێـمە خەڵکی ڕۆشنبیـرمـان زیاد لە پێـویست هەیە، بەڵام ئەوەی کـەمـە، کـرێکاری جەستـەییە. لە گەڕەکـەکەماندا، جگە لە بارۆخی دەست زێڕین، کـەسی تر نەبوو کـرێکاری بکا. ڕۆشنبیـری زۆر گەورەشمان نەبوو. هەمـوو کەس، ڕۆژنامەیان دەخوێندەوە و هەمـوو کەس حەزیان لە قسەکردن بوو. هەندێ کەس، لەزۆر لایەنەوە توانایان هەبوو. هی وا هەبوون بیریان تیژ بوو، بەڵام زۆربەی هەرە زۆریان هەر ئەوەیان دەگوتەوە کە لە ڕۆژنامـــە و ژمـــارەی بێ سنووری پێـــداهەڵدان و مانیفێستی حیزبدا خوێندبوویانەوە.

بەمنداڵی، دەمـتـوانی جیـاوازییـەکی تەمـاوی کـەم لەنێوان لایەنگری توندیان لە داڕشتنەوەی جیهان و ئەو شێـوازەدا بکەم کە کـاتێ بۆ چا خواردنەوە بانگهێشت دەکران، لێواری شەپقەیان پێ بەتاڵ دەکردەوە. کە دایکم کەمێ دادەچەمی تا شەکر بکاتە پیاڵەکانەوە، لەشەرماندا گوپیان خڕ دەبوو، بەتایبەتی ئەگەر جێیەکی دایکم زیاد لەعـادەت دەرکـەوتبـا. سـەرلێـشـێـواوی تەواویان لە دەسـتـیـانـدا دەردەکـەوت و دەتگوت پەنجـەیان بەدەوری خۆیاندا پێچ دەخۆنەوە و نایانەوێ چیدی پەنجە بن.

دەتگوت هەر هەمـوویان ڕاسـتـەوخـۆ لە چیـخـەف خوازراونەتەوە، ئەوەش هەستێکی لادێی دەدامێ، کە لە جیهاندا جێگای زۆر دوور هەیە ژیانی ڕاستەقینەی تێدا بەردەوامە. لە ئەورووپای هیـتلەردا، هەمـوو ئێـوارەیەک سەدان لامپا دادەگیرسێن و ژن و پیاو کۆدەبنەوە تا لەو ژوورە لەوحـرێژ کـراوانەدا چایە و شـیـربخـۆنەوە، یان قاوەخانەی خۆش، لەبەر تیشکی سورەیا، پاڵ دەدەنەوە.. باسک بە باسکی یەکـدا دەکـەن و دەچنە ئۆپیـرا، یان بالێت و ژیانی هونەرمەندان لەنێزیکەوە دەبینن. ئەورووپا بەچیـرۆکی ئەویـنداری بە ئازار و دڵی شکاوەوە، لەوێ هاوسـەری هونەرمـەندان عـاشقی نێـزیکـترین دۆسـتی نۆتەنووسی هاوسـەری خـۆیان دەبن، یان خـەڵکی سەرکۆت، لە نیوەشەودا و بە بەر باراندا، بە تەنیا دەچنە سەر کۆنە پردێک کە وێنەکەی لەناو ئاوی ڕووبارەکـەدا دەدرەوشێتەوە.

هیچ کـاتێـک، هیچ شـەڕێک لە گـەڕەکی ئێـمـەدا ڕووی نەدا. شتی وا لەدوور، لەودیو گردەکان، لەو جێیانەدا کە خـەڵـک بێ گـوێدانە ژیان دەژیان، شـەڕ ڕووی دەدا. لە ئەمـەریکا، لەو جـێـیـانـەدا کـە خـەڵک بە دووی زێڕدا دەگەڕان و قـەتاری بەریدیان ڕووت دەکردەوە و بەدەشتی بێ کـۆتاییـدا ڕاوی ڕەوە گـیـانداریان دەکـرد و ئەوەی زۆرترین هیندی سووری کوشتبا دڵی کیژی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا، شەڕ دەبوو. ئێمە لە (سینەما ئۆدیسۆن)دا، ئاوها ئەمـەریکامـان دەدی: باشـترین تەقـەکـەر، کـیـژە جوانەکەی بە خەڵات وەردەگرت. نازانم دوایی تەقەکەرەکە چی لەو خـەڵاتە دەکـرد. ئەگـەر لەو بابەتە فـیلمـانەدا پێشـانیان دابا ئەوەی زۆرترین کیژ بکوژێ، بە سەلارترین هیندی سـوور خـەڵات دەکـرێ، بەبێ یەک و دوو باوەڕم دەکرد. بە هەرحاڵ، لەو جیـهـانە دوورە دەسـتـەدا باوەڕ

دەکرا. لە ئەمەریکا و لەو شوێنە خۆشانەی جیهان کە لە ئەلبوومی پوولەکانمدا هەبوون، پاریس، ئەسکەندەرییە، لۆگانۆ، بیاریتز، سانموریتز، لەو شوێنانەدا کە پیاوی خوا عاشق دەبوون، دوو کەس شەرەفمەندانە شەرەگوللە دەکەن، دۆڕاو دەست لە خەبات هەڵدەگرێ، سەفەر کردوو، دانیشتووی باری مەیلەو تاریکی دوای نیوەشەو لە شەقامێکی پڕ لە داری شارگەلێک، کە بارانی بەخوڕ دەبارێ، هەروەها ئەوانەش کە بەبێ گوێدانە ژیان دەژین.

تەنانەت لە ڕۆمانەکانی تۆلستۆی و دۆستۆیڤسکیش کە هەمیشە دەمەتەقێیان لەسەر دەکرا، قارەمانەکان بەبێ گوێدان دەژیان و لەپێناوی ئەویندا دەمردن، یان لە پێناوی بۆچوونێکی بەرزدا، یان نەخۆشی سیل و دڵشکان دەیکوشتن. گیانبازەکانیش بەبێ گوێدان دەژیان. لەگردەکانی گالیلین. هیچ کەسێک لەناوچەکەماندا بەسیل، یان لەپێناوی ئەوینی بێ ئەنجام، یان بیروباوەڕدا نەمرد. ژیانی دانیشتوانی ئەوێ زۆر لەگوێپێنەدانەوە دوور بوو. هەر دایک و باوکی من نا، هەمووان.

یاسایەکی توندوتیژمان هەبوو، کە نەدەبوو بە هیچ شێوەیەک، هیچ کەرەسەیەک لە دەرەوە بهێندرێ ئەگەر لە وڵاتی خۆماندا هاوجۆر و بەهای هەبووبێ، بەڵام کاتێ کە چووینە دوکانی ئاوستەر، کە کەوتبووە گۆشەی نێوان ئۆبادیا و شەقامی ئامووسەوە، هەرچۆنێ بێ، ناچار بووین لەنێوان پەنیری (کیبوت)ی ئیسرائیلی کە بنکەی هەرەوەزی (تنوڤە) بەرهەمی دەهێنا و پەنیری عارەبیدا یەکێکیان هەڵبژێرین: پەنیرە عارەبییەکە هی گوندی (لفتە)ی عارەب بوو کە لێمانەوە نێزیک بوو. ئایا ئەو پەنیرە عارەبییە هی ناوخۆ بوو،یان دەرەکی؟ ئەوە پرسیارێکی تیژە. لە ڕاستیدا، پەنیرە عارەبییەکە کەمێ هەرزانتر بوو، بەڵام ئەگەر یەکێ پەنیری عارەب بکڕێ، خیانەت لەزایۆنیزم ناکا؟ لەجێیەکدا، لە بنکەیەکی هەرەوەرزی، یان لە (موشاڤ)ی ئۆرشەلیم، یان لەنێوان گردەکانی گالیلین، کیژێکی ماندووی کار، خەریکە پەنیرمان بۆ دەپێچێتەوە و ڕەنگە ئەشکیش لەچاویدا بێ- چۆن دەشێ پشتی تێ بکەین و پەنیری بێگانە بکڕین، لە رووماندێ کاری وابکەین؟ بەڵام لەلایەکی ترەوە، ئەگەر بۆیکۆتی بەرهەمی عارەبە دراوسێکانمان بکەین، ڕەنگە ڕقی ئەو دوو میللەتە قووڵتر بکەینەوە. ئەوجا خوانەخواستە، لێپرسراو بین بەرانبەر ئەو خوێنەی

کە دەڕژێ. بەڵێ وەرزێرێکی چەوساوەی عارەبە و کار لە زەویدا دەکا و ڕۆحێکی بێ گەردی هەیە و هێشتا هەوای ژەهراوی ژیانی شار پیسی نەکردووە. لەڕاستیدا ئەو برا ئەسمەرە، برای (موجیک mujik)ە ساکار ودڵپاکەکانە، وەک لە ڕۆمانەکانی تۆلستۆیدا باس کراوە! دەشیا ئەوەندە دڵڕەق بین پشت لە پەنیرە گوندییەکەی بکەین؟ دەکرا ئەوەندە بێ ویژدان بین سزای بدەین؟ بۆچی ئەوە بکەین؟ هەر لەبەر ئەوەی بەریتانییە قۆڵبڕەکان و ئەفەندییە بەرتیلخۆرەکان کردیانە دوژمنی ئێمە؟ نەخێر، ئەم جارەیان هەر دەبێ پەنیری عارەب بکڕین، کە لە ڕاستیدا لە پەنیری (تنوڤایە) بەتامترە و لەسەر ئەوەشەوە، هەرزانترە، بەڵام ئەو بۆچوونەش هەبوو کە پەنیری عارەب زۆر پاک نییە. کێ چوزانێ شوێنی دروستکردنەکەی چۆنە؟ ئەدی ئەگەر دوایی، دوای ئەوەی زۆر درەنگ دەبێ، بزانین پەنیرەکەیان پڕە لە بەکتریا؟

بەکتریا، یەکێ بوو لە دوژمنە تۆقێنەرەکانمان. وەک دژەسامییەکان وا بوو: لەڕاستیدا، پیاو نەیدەتوانی دژەسامی و بەکتریا ببینێ، بەڵام زۆر چاک دەمانزانی بێ ئەوەی لەبەرچاوبن، لە هەموو شوێنێکدا بۆمان ئامادەن، بەڵام ئەوەش ڕاست نەبوو کە قەت کەسمان بەکتریای نەدیوە. من دیبووم. گەلێ جار ماوەی دوور و درێژ بەدیار پارچە پەنیرێکەوە دادەنیشتم و تەماشام دەکرد. کتوپڕ، هەزاران خەڵقەندی ورد وردی بزێوم دەدی. وەک هێزی ڕاکێشانی زەوی لە ئۆرشەلیم، چۆن ئەوسا زۆر لە ئێستا بەهێزتر بوو، بەکتریای ئەو دەمەش لەهی ئێستا گەورەتر و بەهێزتر بوون.بەڵێ، دەمبینین.

گەلێ جار،کڕیارەکان لەدوکانەکەی جەنابی ئاوستەر دەبووە دەمەتەقێیان: پەنیری عارەب بکڕن، یان نەیکڕن؟ لەلایەکەوە دەبوو پیاو بەر لە هەموو کەسێک یارمەتی نێزیکەکانی خۆی بدا و بەو پێیە، دەبوو پەنیری تنوڤە بکڕین. لەلایەکی ترەوە مەسەلەکە ئاوها بوو کە «یەک یاسا و هەمان یاسا بەسەر هاووڵاتی و دەرەکی ناو وڵاتدا دەسەپێ» وبەو پێیە دەبوو جاروبار پەنیری عارەبە دراوسێکانمان بکڕین. «ئاخر ئێوە خۆتان لە خاکی میسردا بێگانە بوون» بیری لێ بکەنەوە، تۆلستۆی بەچ چاوێکی سڵەوە تەماشای ئەوانە دەکا، کە بەپێی جیاوازی ئایین و ڕەگەز و نەتەوایەتی، فلانە جۆری پەنیر دەکڕن و هیچی دی! بەها جیهانییەکان چۆن بوون؟ مرۆڤایەتی؟ برایەتی نێوان مرۆڤ؟ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەر لەبەر ئەوەی

پەنیری عارەب کەمێ هەرزانترە، بیکڕی و ئەو پەنیرە نەکڕیت کە گیانبازەکان بە ماندوویەکی و عارەقڕشتنەوە بۆمانی بەرهەم دێنن، بیانوویەکی زۆر لاواز و بێ کاریگەرە!

شەرمەزارییە! شەرمەزاری و خەسارەتە! هەرچییەک بکەین، شەرمەزاری و خەسارەتە! هەموو ژیانمان پڕ بوو لە شەرمەزاری و خەسارەتی ئاوها!

سەرلێشێواوییەکی تریش هەبوو، پیاو گوڵ بۆ جەژنی لەدایکبوون بنێرێ، یان نەینێرێ؟ ئەگەر بینێرێ، چ جۆرێ؟ (گلادیولوس) گەلێ گران بوون، بەڵام گوڵی ئەرستۆکراتی و هەستیار و جێگیربوون، نەک جۆرە گیاپیسکەیەکی ئاسیایی نیوە کێوی. چەندمان بویستبایە، دەمانتوانی گوڵە خاشخاش و گوڵە بخوور بچنین، بەڵام بەجێ نەبوو ئەو گوڵانە بۆ جەژنی لەدایکبوون، یان بۆ کەسێک بنێرین کە کتێبی چاپ کردووە. (گلادیولوس) خەیاڵی بەرەو کۆنسێرت و ئاهەنگی گەورە و بالێت و کەلەپوور و هەستی قووڵ دەبرد.

بەو شێوەیە (گلادیولوس)مان دەنارد و قیرسیا لە نرخەکەی، بەڵام دیسان ئەو پرسیارە دەکرا ئاخۆ حەوت دانە زۆر نییە؟ ئەدی پێنج دانە کەم نییە؟ دەبێ شەش دانە بەرین؟ یان هەر حەوت بنێرین باشترە؟ قیرسیا لەنرخەکەی. هەندێ گەلاقامیش بە دەوریەوە بکەین، بە شەش دانە نەجاتمان دەبێ. لەلایەکی ترەوە، ناردنی گلادیولوس دیاردەیەکی کۆن بوو. ئێستا لەم سەردەمەدا کێ گوڵی گلادیولوس دەنێرێ؟ ئایا گیانبازەکانی گالیلین گلادیولوسیان بۆ یەکتر دەنارد؟ ئێستاش خەڵکی تەل ئەڤیف بە گلادیولوس خۆیان تووشی سەرهێشە دەکەن؟ ئەدی بەڕاست، چ سوودێک لەو گوڵەدا هەیە؟ پارەیەکی زۆری تێ دەچێ و دوای چوار پێنج ڕۆژ، فڕە دەدرێتە تەنەکەی زبڵەوە. کەوابێ چی ببەخشین؟ قوتووە شوکلادێک چۆنە؟ قوتووە شوکلاد؟ ئەوە، لە گلادیولوس شێتانەترە. ڕەنگە دەستەسڕ، یان جۆرە سینییەک بۆ پیاڵە باشتر بێ، مێتاڵێک، دەسکی هەبێ و ڕەنگی زیوین بێ و لەکاتی خواردنەوەی چایەی گەرمدا بەکاربهێندرێ. ئەوە دیاردەیەکی هونەری و بەکەڵکە و فڕە ناردێ و بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بەکاردەهێندرێ و هەرکە بەکاریشی بێنن، بیریان دەکەوینەوە.